## *زمانی پرۆگرامەکانی خوێندنو ستانداردکردنی زمان*
## *(لێکۆڵینەوەیەکی کارەکییە لەبارەی زمانی پەروەردەوە)*

**شیروان حسین حەمەد**
**مامۆستای یاریدەدەر / وەزارەتی پەروەردە**

د.شهاب طيب طاهر
**زانکۆی ڕاپەڕین / فەکەڵتی پەروەردە – بەشی زمانی کوردی**

**<u>پێشەکی:</u>**

**زمان وەك هۆیەکی گەیاندنی بیر، بەدرێژایی مێژوو، کاریگەرترین، ڕێگەی گواستنەوەی بیربووە. لە هەر قۆناغێکی ژیانی مرۆڤایەتیشدا، پەروەردە، یەکێك بووە لەبنەماکانی ژیان، هەر لەفێرکردنی ڕاوو ڕاوشکارو چاندنەوە تا دەگاتە دروستکردنی ئەتۆم، بەم پێیە مێژووی پەروەردەو فێرکردن لەگەڵ مێژووی مرۆڤەوە دەست پێدەکات. ئەمەش بەشی زۆری لەڕێگەی زمانەوە دەبێت، هەرچەندە هەندێ جار هێمایی نازمانیو تاقیکردنەوەکانیش ڕۆڵیان لە پرۆسەی فێرکردندا هەبووە. ئەم لێکۆڵینەوەیە لەبواری زمانی نووسیندا کاردەکات. ئەویش لەبواری پەروەردەکردنو نووسینی کتێبەکانی پرۆگرامی خوێندن. چونکە وەك ئاشکرایە زمان ئەرکی جۆراوجۆری هەیە، ئەرکی هەرە سەرەکیشی بریتییە لە گەیاندنی زانیاری لە کەسێکەوە، بۆ کەسێکی تر(قسەکەر بۆ گوێگر). کە دیارە زمانی پەروەردەش خۆی لەم چوارچێوەیەدا دەبینێتەوە. لەم بوارەشدا هەردوو جۆری زمانی نووسینو قسەکردن بەکاردێت.**

**قوتابخانەو سەنتەرەکانی فێرکردنیش ئەو شوێنانەن کە هاوبەشە، بۆ کەسانی جیاجیا، دەکرێت لەڕێگەی پەروەردەوە بیرکردنەوەی هاوبەش لەو شوێنەوە سەرچاوەبگرن. مێژووی پەروەردە وەك پرۆسەیەکی بەرنامەڕێژکراو لە نێو کوردا، ئەزموونێکی دووری هەیە. کە زۆرجار بەزمانی عەرەبی بووەو زۆرجار زمانی داگیرکەرانی ترو بەشێکی زۆریشی بەزمانی کوردی بووە. لەو ماوەیەشدا زمانی پەروەردە چەندین هەڵبەزو دابەزی بەخۆوە دیوە. زۆرجار بەئاڕاستەی لێك دوورخستنەوەی دیالێکتەکان کاری لەسەر کراوە، بەڵام هەندێجار بووەتە بنەمایەك بۆ دروستکردنی زمانی ستاندارد. ئەم لێکۆڵینەوەیەش هەوڵێکە بۆ شرۆڤەی ئەم بابەتەو لە دوو تەوەرەی سەرەکیدا خراوەتەڕوو. تەوەرەی یەکەم باسی زمانی پەروەردەو قۆناغە مێژووییەکانی دەکات. تەوەرەی دووەم، کاریگەری زمانی پرۆگرامەکانی خوێندن لەسەر دروستکردنی زمانی**

ستاندارد. كە بەشێوەی كارەكی نموونەی چەند بابەتو كتێبێكی قۆناغەكانی خوێندن پیشاندراوە. لە كۆتاییشدا چەند ئەنجامو ڕاسپاردەیەك لەم بارەیەوە خراونەتەڕوو. لە هەموو ئەمانەشدا پشت بەچەند سەرچاوەیەك بەستراوە.

- تەوەرەی یەكەم :

★ زمانی پەروەردە:

زمان بەپێی بەكارهێنانو ئەو بوارو زانستەی، كە تێدا بەكاردێت، یان بەگوێرەی ئەو كاتو شوێنەی كە تێدا دەخرێتەكارو ئەو كەسەی كە ئاراستەی دەكرێت، فۆڕمی جیاجیا وەردەگرێتو گۆڕانی بەسەردا دێت. پەروەردەش، وەك كایەێكی سەرەكی لەنێو هەر كۆمەڵگایەك دا بێت، زمانەكەی شێوازی تایبەتی دەربڕینی خۆی هەیەو دەبێت خاوەنی چەند سیمایەكی وەها بێت، كە شیاوی ئەركی پەروەردەیی بێت. چونكە ئەم بوارە زۆر هەستیارەو پەیوەستە بە سەرجەم لایەنەكانی ژیانی مرۆڤەوەو كاریگەری گەورە بەجێدەهێڵی، لەسەر لەبەری ژیانی هەرتاكێك لە كۆمەڵگادا. بۆیە پێویستە لەنووسینی پەروەردەییو بەتایبەتی لە زمانی نووسینی بابەتەكانی پرۆگرامی خوێندنی هەریەك لە قۆناغەكانی خوێندندا، ڕەچاوی زمانی باڵا بكەین. چونكە ئەمە دەبێتە هۆكاری سەرەكیو بناغەیەكی گرنگ، لە دروست كردنی زمانی ستانداردو گەشەكردنو بەرەو پێش بردنی ئەم زمانە. پێویستە زمانێكی ئاسان دوور لەئاڵۆزی بێت، چونكە ((بەكارهێنانی زمانێكی ڕەوانو ئاسان دەبێتە هۆی ئەوەی كە بەئاسانی بیروئەندێشەكان بگوازرێنەوە))[1]

ئەگەر بە بەخێرایی چاوێك بە زمانی خوێندنو پەروەردەی كوردیدا بخشێنیین، بەتایبەتی لەقۆناغەكانی پێش دروست بوونی خوێندنگای نوێ، بەتایبەتی خوێندنی حوجرەو مزگەوتەكان، ئەو زمانەی كە لەم نێوەندە پەروەردەییەدا بەكارهاتووە، هەرچەندە وەكو زمانی سەرەكی عەرەبی بووە، بەڵام كوردیش لەپاڵیدا زمانی تێگەیاندن بووە، كە ((زمانێكی ئەدەبی بووە، هەروەها زمانی پەروەردەو خوێندنیش بووە، ئەو زمانەش مێژوویەكی سیاسی هەیە، چونكە ئەو زمانە لەسەردەمی دەركەوتنی میرنشینە كوردییەكان نەشونمای كردووەو بۆتە زمانی دەستەڵاتی سیاسیش، هەروەها بووە بەزمانی نووسینی دەقی ئەدەبیش لەو سەردەمەدا))[2] ئێمە لەم بەشەی لێكۆڵینەوەكەدا، دەمانەوێ لەسەر شێوازی ئەو زمانە بدوێین، كە وشەو دەستەواژەكانی پڕن لە ڕێزو خۆشەویستی، هەر لەڕێی شێوازی ئەم زمانەوە، ئەشێ دەست لەسەر ئەم پەیوەندییە دابنێین، كە لەنێوان مامۆستاو خوێندكاركەیدا هەبووە، كە لەسەر بنەمای ڕێزگرتنو خۆشەویستی دروست بووە. هەر لە نێو زمانی فەقێكانی كوردستاندا چەندین دیاردەو داهێنانی زمانی تایبەت دەبینرێت، كە هەڵدەگرێ هەڵوەستەی دیكەیان لەسەر بكەینو لە ڕووی زمانەوانییەوە، توێژینەوەو لێوردبوونەوەی لەسەر بكرێت. (لەوانە ئەزەو وەزەو تەڵەزمانییەكان). یەكێكی تر لە تایبەتمەندییەكانی زمانی فەقێكانی

**كورد ئەوەیە کە هەموو دیالێکتو شێوەزارەکانی زمانی کوردی لەنێو یەك بۆتەدا موتووربە کردووەو فەرهەنگێکی هاوبەشی دروست کردووە، لە نێو قسەپێکەرانی زمانەکەدا. ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەو گەڕانەی کە هەر فەقێیێك بۆ تەواوکردنی خوێندنەکەی کردوویەتی چەندین ناوچەو گوندی دیوەو لە هەریەکەیان ماوەیەك ماوەتەوەو شارەزاییەکی لە زمانی ناوچەکە پەیداکردووەو لەگەڵ زمانی ناوچەیەکی تر ئاوێتەی کردووەو ئەمەش بۆتە هۆی دەوڵەمەند کردنی فەرهەنگی مامۆستای کورد لەو سەردەمەدا. بۆ بەڵگەی ئەمەش دیوانی شاعیرانی کلاسیك تەماشاکەین چەندین نموونەی ئاوێتەکردنی زمانی ناوچەکانی کوردستان دەبینین، بەنموونە نالی وشەی (ئەز) لەجیاتی (من) بەکاردێنێ، کە لە کرمانجی ناوەڕاست زۆر بەکەمی بەکاردێت. وەك دەڵێت:**

**((خاو و بێخاوی دو زوڵفی خاوم ئـــەز**

**چاوە چاوی یەك غەزالە چـــــاوم ئەز))[٣]**

**هەروەها ئەحمەدی خانی چەندین وشە بەکاردەهێنێ، کە لە کرمانجی خواروو بەکاردێن، ئەمەش نیشانەی ئاگاداربوونیەتی لە دیالێکتەکانی زمانی کوردی، وەکو: (تۆ، ئەگەرچی، دوژمن، سوور......هتد) کە کەمتر لە کرمانجی ژوورو بەکاردێن. وەك دەڵێت:**

**((ساقی تۆ ژ بۆ خـــــــــودێ کەرەم کـــە**

**یەك جورعەیێ مەی د جامێ جەم کە))[٤]**

**بەم پێیە زمانی پەروەردە لەم قۆناغەدا بنەماکانی لێك نزیکبوونەوەی دیالێکتەکانی زمانی کوردی تێدا بەدی کراوە، بۆیەش دەبینیین شاعیرانو مامۆستایانی ئەو سەردەمە شارەزایی باشیان لە هەموو دیالێکتو شێوەزارەکان هەبووە.**

**لەدوای کرانەوەی خوێندنگاو هاتنە کایەی سیستەمێکی نوێی پەروەردە، زمانەکەشی گۆڕانی زۆری بەسەردا هاتووە. بەڵام زمانێکی هێند ناکاملو پڕ لە کەموکوڕییە، کە نەیتوانیووە خوێندکاری کورد بکاتە زمانزانو زمانی پاراو بکات، بەڵکو زیاتر لە خزمەتی ئەم بیرو فەلسەفەیەدا بووە کە ڕێبەرانو دەستەڵاتە یەك لەدوای یەکەکان ویستوویانە، ئەمە تاوەکو پێش ڕاپەڕین، بەپێی پلانو بەرنامەی تایبەت جێبەجێکراوە. بەهیچ شێوەیەك نەتوانراوە زمانی پەروەردە، بکرێتە بناغە بۆ گەشەکردنو بەرەو پێش بردنی زمانی تاکی کورد. بەڵکو بۆتە هۆکارێك بۆ لێك دابڕینی ڕۆڵەکانی، ئەمەش بە بەکارهێنانی دیالێکتی جیاوازو شێوەزارەکانیان لە نێو پرۆگرامەکانی خوێندندا. ئەلفوبێ، کە یەکەم کتێبی خوێندنە کە لە ڕێگەیەوە دەچینە ناو دونیای کتێبو لە یادەوەری هەموماندا دەمێنێتەوە، کە چی تێدا نووسراوەو چ وێنەیەکی تێدا کێشراوە، بە چەندین وشەو زاراوەی نوێ ئاشنامان دەکات. کە دەشێت لە ڕێگەی ئەم کتێبەوە بناغەی زمانێکی یەکگرتووی وەها دابنێین، کە سەرلەبەری ڕۆڵەکانی کورد بەئاسانی لێی تێبگەنو بیکەنە بناغە بۆ زمانی**

ستاندار له نێو میللەتەکەیاندا. بەڵام ئەمە لە پرۆگرامەکانی ئەلف بێی کوردیدا ڕەنگی نەداوەتەوە.

لە دوای ڕاپەڕین‌و بەتایبەتی لەگەڵ تێپەڕبوونی چەندین ساڵ‌و گۆڕینی سیستەمی پەروەردە نەتوانراوە، گۆڕانکاری ڕیشەیی لەزمانی فێرکردن بکرێت‌و هەوڵ بدرێت، بکرێتە بناغەیەك بۆ دروست کردنی زمانی ستاندارد، بەڵکو بەپێچەوانەوە لەڕێگەی زمانی پرۆگرامەکانەوە خەریکە دوو شێوەی زمانی بەکاردەهێنرێت‌و زمانی ناوچەیی دەچێتە ناو بابەتەکان، ئەمەش بۆتە ڕێگەیەك بۆ لێك دوورکەوتنەوەی دیالێکتەکانی زمانی کوردی بەتایبەتی لای نەوەی نوێ‌و پەروەردەکراو بەو سیستەمە نوێیە. هەروەها لە نێو ئەم پرۆگرامانەدا چەندین هەڵەو ناتەواوی هەیە، کە بە ئاراستەیەکی نەرێنی کاریگەری دەبێت. ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆئەوەی کە بەرنامەڕێژی زمانی نییە لە نێو پرۆگرامەکانی خوێندندا، چونکە بەرنامەڕێژی زمانی بەوە دەناسرێتەوە، کە ((کۆمەڵە هەوڵ‌و چالاکییەکی بەرنامە بۆ داڕێژراوەوە بەئاراستی پێشخستنی زمان دەدرێن، پەیوەست بەڕەفتاری زمانی هەرتاکێك لە کۆمەڵگەدا))(٥) لەوانە ئاگاداربوون لە زاراوەدانان‌و چۆنیەتی هاتنەناوەوەی وشەی نوێ‌و هەڵهێنجانی وشە لە دیالێکتەکان‌و گۆڤەرەکانەوە. دواتر بەکارهێنانیان لە بواری پەروەردەیی‌و جێگرکردنییان لەزمانی خوێندندا. بۆئەوەی ببنە بنەمایەك لەزمانەکەدا نەوە لەدوای نەوە لەم جۆرە وشەو دەربڕاوانە تێبگەن‌و مۆرکێکی گشتی وەربگرن نەك تەنیا لەسنووری ناوچەیەکدا بەکاربهێنرێت.

- تەوەرەی دووەم:

★ زمانی ستاندارو پرۆگرامەکانی خوێندن:

شرۆڤەکارییەکانی نێو زمان، بەتایبەت لایەنی زمانی نوسراو، خوێندنەوەو وردبونەوەی زۆر دەگرنەخۆ. وردتر کاتێك قسە دێتە سەر زمانی ستاندارد، ئەم باسەش لەنێو زمانانی هەمو جیهاندا دوانی زۆری لەبارەوە کراوە. دیارو بەڵگەنەویستیشە، کە هەموو ئەو زمانانە بێ هەڵەو کەم وکورتی نین، وەڵێ هەوڵی چارەسەریان دەدرێت، لەلایەن ئەکادیمیا و نێوەندی تایبەتی زمانەوە. تاوەکو ڕاپەڕینی ساڵی ١٩٩١ لە نێو زمانی کوردیدا هەموو کەم‌وکورتی بێ سەروبەری‌و ناتەواوێك، کە لەنێو ڕێزمان ڕێنووسی کوردیدا هەبووە تاوانەکەی دراوەتە پاڵ نەبوونی کییانی سیاسی سەربەخۆی کوردو بێ دەوڵەتی و نەبوونی ناوەندێکی بڕیاردان و دەسەڵات لە کوردستاندا. وەڵێ ئەمڕۆ کورد بۆ هەمان کەم‌وکورتی بیانوییێکی نییە، چونکە خۆی دەستەڵاتدارەو خاوەنی حکومەت و پەرلەمانە، هەروەها چەندین زانکۆو نێوەندی گەورەی زمانی هەن، لەوانە بوونی ئەکادیمیای کوردی‌و ڕێکخراوی زمانناسی‌و دەیان بەشی کوردی وەك لە زانکۆکانداو نووسینی دەیان نامەی ئەکادیمی لەسەر زمانەکە، بەڵام کەمترین جێدەستیان دەبینرێت‌و هەست پێدەکرێت. لەگەڵ ئەوەشدا هیچ

هەنگاوێکی لەپێناو پوختەکردنی زمانەکەی دا نەناوە، کەموکورتیەکانی جاران هەرماون و بگرە دەتوانین بڵێین لە ماوەی ئەم بیست ساڵە هێندەی تر زیادبوون. سەرباری ئەوانەش نابێ ئەو هەوڵانەی ئەم دووایانە نادیدەبگرین بەئاراستەی خزمەتکردنو چارەسەرکردنی ئەو گرفتانە، وەك بەستنی چەند کۆنفرانسێکی زانستی لە زانکۆکانی هەرێمدا.

مەسەلەی(دۆزی) زمانی ستاندارد، باسێکی زۆر وردو قوڵە و خوێندنەوەی جیاجیا هەڵدەگرێ، دەکرێت لەڕەهەندی جیاوازەوە بۆ ئەم بابەتە بچین. بۆیە ئێمە لەم کورتە لێکۆڵینەوەیەدا تەنیا لە دیدگایێکی زۆر تایبەتەوە لێی دەڕوانین، ئەویش ڕۆڵی زمانی پرۆگرامەکانی خوێندنە، لە بەرهەم هێنان و دروست کردنی ئەم زمانەو چۆنیەتی کارکردنو بەرنامەڕێژی زمانی لەم بوارەو بۆ یەکخستنی زمانی خوێندن لەسەرتاسەری کوردستاندا.

ئەگەر لەهەموو ئەو پێناسە جۆراوجۆرانە بڕوانین، کە بۆ زمانی ستاندارد کراون، دەبینین کە ((مەرجێکی کامڵ بوونی ئەو زمانە بەکارهێنانیەتی لەقوتابخانەو فێرگەکاندا. واتە بەکارهێنانی ئەو زمانە لەبواری فێرکردن لەسەرتاسەری وڵاتدا، لە بوارەکانی قوتابخانەو دادگاو شەقام و ڕاگەیاندنو فەرمانگەکان))[٦]. لەلایەکی ترەوە، بەمەرجی سەرەکی دادەنێن، کە ((دەبێت زمانی ستاندارد لە زۆربەی کاتدا و بەگشتی لە قۆناغەکانی خوێندندا وانەی پێ بوترێتەوە، زمانێکی بەکاربراوبێت لەم بوارەدا))[٧]دیارە زمانی ستاندارد کاتێك دەگاتە پلەی تەواو، ئەگەر هەمو ڕۆڵەکانی گەلێك لە هەر شوێنێك بوون توانای نووسین و قسەکردنیان بەو زمانە هەبێت. دیارە دەبێت ئەو بناغە پتەوەش لە قوتابخانەکانەوە دابڕێژرێت. چونکە لەڕێگەیەوە دەتوانرێت هەموو خوێندەوارێکی وڵاتی پێفێربکرێت. کە ئەمەش شتێکی ئاشکرایە زمانی ستانداردو یەکگرتوو زیاتر لە زمانی نووسین ڕەنگدەداتەوە نەك قسەکردن. لەبەرئەوەی قسەکردن ئاسانتر گۆڕانکاری تێدادەکرێتو کەمتر فەرمییە.

ئەگەر ئاوڕێك لەڕابردووی زمانی ستاندارد بدەینەوە، دیرۆکێکی هێندە درێژی نییە مێژووەکەی ((دەگەڕێتەوە بۆ سەدەیی شازدەو لە ئەورووپا سەری هەڵداوە. پێش ئەوە زمانی لاتینی باڵی بەسەر هەمو زمانە ئەورووپیەکاندا کێشابوو، زمانەکانی تری وەکو فەرەنسیو ئەڵمانی وئینگلیزیو .......هتد. بەچاوێکی نزم سەیر دەکرانو بە زمانی شارستانی دانەدەنران))[٨] کەواتە یەکێك لە دەستکەوتەکانی ڕێنسانس سەرهەڵدانی بیرۆکەی زمانی ستانداردو گەڕانەوە بۆ زمانی نەتەوەیی بوو. دواتر کارکردن بۆ بەڕسمی ناساندنی زمانەکە لەسەرتاسەری وڵاتەکان دەستی پێکرد. دیارە هەریەك لە زمانەکانیش هۆکاری خۆی هەبووە بۆ بەستانداردبونی. کە ئەمڕۆ وەکو ئەزموونێکی گرنگ، دەتوانرێت سوودی لێ وەربگیرێت، بۆ ئەو زمانانەی کە هێشتا ئەم قۆناغەیان بەخۆیانەوە نەبینیوە. چونکە پێدەچێت لە هەندێ قۆناغی مێژوویيدا لێکچوونی تەواو لەنێوانیاندا هەبێت.

کاتیك باسی زمانی ستانداردی کوردی دەکەین، خۆمان لەوە دەبوێرین، کە ئایا زمانی ستانداردی کوردی هەیە یان نا؟ چون ئەمە مانگێکی دیارەو پێویست بە پەنجە بۆ درێژکردن ناکات، دواتر وەڵامی ئەم پرسیارە لە ڕاستەڕێی زانستی خۆی لایداوەو بەرەو ئاقاری ناوچەگەری و بیری سیاسی حیزبایەتی ملی ناوە. وردتر لەوە دەدوێن، کە ئەو کتێبانەی وەزارەتی پەروەردەو لایەنەکانی تر، بەمەبەستی پرۆگرامی خوێندن لەقۆناغی یەکەمی بنەڕەتی تا دوازدەی ئامادەییو هەموو قۆناغەکانی تری خوێندن، کە تیاندا خوێندن بەزمانی کوردییە، چاپیان دەکەن، زمانەکەیان چ خزمەتێك بە زمانی ستانداردی کوردی دەکات. ئایا زمانی پرۆگرامەکان بە چ ئاڕاستەیێك کاریگەری دەبێت بەرەو پێشەوە یان بەرەوە دوا؟ لە ڕوانگەی هەندێ تیۆرەوە هەوڵی تێگەیشتنو وەڵام دانەوەی ئەم پرسیارە دەدەین. بوونی بەرنامەڕێژی زمانی لە ناوپرۆگرامەکاندا بەچ شێوەیەك دەبینرێت. بە وردبوونەوە لەو کتێبانە دەگەینە ئەو ڕاستییەی کە زۆر بەکەمی پلانی زمانییان تێدا ڕەچاوکراوە، زۆر بەکەمی خزمەت بەفەرهەنگی ئاوەزی خوێندکار دەکەن، لەڕێگەیانەوە خوێندکار نابێتە خاوەن بنەمایەکی زمانی بەهێزو فەرهەنگێکی دەوڵەمەند.

هاوگن (haugen)، کە زمانەوانێکی ئینگلیزییە، بۆ دروست بوونی زمانی ستاندارد چوار توخمی سەرەکی دیاری دەکات، کە پلەی یەکەمی هەڵبژاردنو دوای ئەو کۆددانان و دواتر ئەرکی تاقیگەی دوای هەمووشیان ڕازیبوونە. هەڵبژاردن بریتییە لە دیاریکردنو دەستنیشانکردنی ئەو زمانەی کە لە بارییدا هەیە ببێتە زمانی ستاندارد، هەندێجاریش دەکرێت تێکەڵکردنی دوو دیالێکت بن. کۆددانان، ئەویش قۆناغی دووەمە کە زمانەکە بەپێی بەرنامەو پلان لەڕووی نووسینەوە ڕێك دەخرێت. ئەرکە تاقیگەیەکە پەیوەندی زمانی ستانداردە بە بەکارهێنانەوە، واتە ئەو زمانەی، کە دیاری کراوەو دواتر کۆدی بۆ دانراوە، ڕێپێساکانی ڕێکخراوەو دەبێت بچێتە بواری بەکارهێنانەوە، کە بۆ ئەمەش باشترین شوێن لەقوتابخانەکانو توێژینەوە دایە. هەروەها ((بەهای زمانی ستاندارد بەندە بە دابین کردنی پێداویستیەکانی خوێندن بەو زمانە، بۆ ماوەی چەند ساڵێك ئەمە دەبێتە بناغە بۆ زمانی ستاندارد))(٩)

هەروەها کلۆس وفاسۆڵد، کە دوو زمانەوانی ترن، ((پێنج پلەیان بۆ پرۆسەی ستاندارکردنی زمان داناوە، لە پلەی ناوەڕاستدا کە زمانی ستانداردی گەنجە، دەبێت ئەم زمانە بۆ قۆناغەکانی سەرەتایی بەکاربهێنرێت بەڵام بۆ قۆناغەکانی سەروتر بەکارنایەت))(١٠)واتە ئەو زمانە لەسەرەتایی پرۆسەکەدایە. بۆیە دەبێت لە قۆناغەکانی سەرەتاییەوە دەستپێبکرێت. دواتر قۆناغ بە قۆناغ بڕوات. لێرەوە بەو ئەنجامە دەگەین، بناغەی زمانی ستاندارد دەبێت لەقۆناغەکانی سەرەتایی یەوە دەستی پێبکرێت، تاکو هەموو خوێندەوارێك فێری ببێتو پێ بنوسن دوای ئەوە ساڵ بە ساڵ، زمانی پرۆگرامەکانی تری بکرێت، بەو زمانە تا لە کۆتاییدا وای لێدێت سەرجەمی زمانی فێرکردن لەهەموو قۆناغەکان بەو زمانە دەبێتو لە ئەنجامدا زمانی ستاندارد دروست دەبێت بۆ بوارەکانی

**تری بەکارهێنان دەگوازرێتەوە. چونکە بەرهەمی زۆربەی کایەکانی دیکەی ژیانی کۆمەڵگا لێرەوە سەرچاوە دەگرن.**

**لێرەدا پرسیارێك دێتە پێشەوە، ئەویش ئەوەیە کە، ئایا لە پرۆگرامەکانی وەزارەتی پەروەردەی حکومەتی هەرێمی کوردستانو لایەنەکانی تر، لەڕووی زمانەوە ڕەچاوی ئەوە کراوە؟ یان ڕۆڵی پێچەوانە دەگێڕێتو دیالێکتەکانی زمانی کوردی لێك دوور دەخاتەوە؟ لەسەر بنەمای ئەزموونی حەوت ساڵانو وردبوونەوەم لە کتێبە پرۆگرامییەکاندا وتنەوەیان بەشێوەیەکی کارەکیو سودوەرگرتن لە پسپۆڕی خۆمو ڕاوێژ لەگەڵ شارەزایان دەڵێن نەخێر. چونکە لە زۆربەی کتێبەکاندا دوو دیالێکتی جیاوازو لەبەرامبەر یەکتری هەردوو زاری کرمانجی ژوورو و خواروو دەبینرێت، جگە لەمە زۆرجار کتێبەکان بەپێی زمانی ناوچەکە چاپ دەکرێت.**

**زمانی کوردی، لە خوێندن وفێرکردندا، بەشێوەیەکی فەرمیی مێژوویێکی درێژی نییە، هەرچەندە لە خوێندنگا ئاینیە کۆنەکانی کوردستاندا جارجار بۆ لێکدانەوەی وانەکان بەکارهاتووە، کە تەنیا بۆ تێگەیشتن بووە، هەر لەوپێناوەشدا دەبینین، شاعیرانو مەلایان ئەو سەردەمە هەستاون بە دانانی فەرهەنگی عەرەبی کوردی، دیارترین نموونەش لەم بارەیەوە (نەوبارابچووکان)ی ئەحمەدی خانییە. ((فەرهەنگۆکێکە خانی بۆ منداڵانی کوردی داناوە، لە پێناوی ئەوەی فێری زمانی عەرەبی ببن، لەساڵی ١٦٨٢ز تەواوی کردووە.))[١١] ئەمە سەرەتای گرنگی دانە بەزمانی کوردیو لە ناو پرۆسەی فێرکردندا، بۆئەوەی مەلا لەو ڕێگەوە زمانی عەرەبیو کوردی بزانێت. دوای ئەویش نموونەی ئەحمەدیەمان هەیە، کە (( لە ٣٦٥ بەیتی هۆنراوە پێك دێتو شیخ مارفی نۆدێ لە ساڵی ١٧٥٢- ١٧٥٣ دایناوە بۆئەوەی ئەحمەدی کوڕی پێفێری زمانی عەرەبی بێت، کە فەهەنگی عەرەبی کوردییە))[١٢] ئەمانە سەرەتایی گرنگیدانن بەزمان لەناو خوێندندا، بەشێوەیەك ویستوویانە کە قوتابی تەنیا بەعەرەبی نەخوێنێو بزانێ دەقە عەرەبیەکان بکاتەوە بەکوردی، هەرچەندە هەردووکیان بەشێوەی هۆنراوە نووسراون بەلام بۆ کاتی خۆی گرینگی تەواویان هەبووە.**

**کاتێکیش خوێندنگەی دەوڵەت دامەزراوە، فێرخوازانی کورد هەر بەزمانی بێگانە خوێندویانە. ((مێژووی خوێندنگاش لە کوردستان، دەگەڕێتەوە بۆ دوای جەنگی یەکەمی جیهانی، هەرچەندە لە ساڵی١٩١٣ خوێندنگای (عبدالرزاق بەدرخان) لە شاری (خوی) دامەزرا، بەڵام تەمەنێکی کورتی هەبوو، زوو داخرا))[١٣]نووسینەکانی پرۆگرامی خوێندنی زمانی کوردی، تاکو دەگاتە ((ساڵی ١٩٧٠بە پێی ڕێککەوتنامەی یازدەی ئازار، دەبوو خوێندن لە ناوچەی ئۆتۆنۆمی هەرێمی کوردستان بە کوردی بێت))[١٤] بەم پێیە لەدوای ڕێکەوتنامەی یازدەی ئازار، زمانی کوردی پێشکەوتنی زۆری بەخۆیەوە بینیوە، بووە بەزمانی یەکەم لە ناوچە کوردنشینەکان وزمانی دووەم لە عێراق بە گشتی، ((بەڵام گرفتەکانی زمانی پەروەردە لەو کاتەوە دەستی پێدەکەن کە مامۆستایانی کوردستان، پەرتوکەکانیان وەرگێڕایە، سەر زمانی کوردی. بەڵام لێرەوە کێشەیێکی سەیر ڕوویدا، لەنووسینی**

كورديدا، هەريەكەيان بەشێوەێك دەينووسى بەتايبەتى كرمانجى سەروو و خواروو))[١٥]ئەم دياردەيە تاكو ئەمڕۆش هەر بەردەوامە، سەرەڕاى ئەوەى كە هەندێجار نەشارەزاييانە هەوڵى تێكەڵكردنى دوو دياليٚكتە سەرەكييەكەش دەدرێت. كەزيانى كەمتر نييە لەبەكارهێنانى دوو زارەكە بەشێوەى سەربەخۆ.

ئيستا كە باس لەو مەسەلەيە دەكرێت، ئۆباڵو گوناهەكان دەدرێنە پاڵ دەسەلاٚتدارانى ئەو كاتە، كە بە مەبەستێكى تايبەتو بۆ لێك دوورخستنەوەو لێك تێنەگەيشتنى ڕۆڵەكانى كورد كردويەتى وەڵێ ئەمڕۆ كێ تاوانبارە، كە ئەم كێشەيە زياتربووە قۆناغى زياترى بڕيوە؟!!!!!

دواى ئەوەى خوێندنەوەيەكى وردمان بۆ زمانى پرۆگرامەكانى خوێندن دەكەين، هەر لەپۆلى يەكەمى بنەڕەتيەوە، تاوەكو دوانزەى ئامادەيى، بۆمان دەركەوت بەزمانێك نوسراون، كە تێكەڵە لەهەردوو زارى سەروو وخواروو[١٦] بەلاٚم تێكەڵ كردنەكە، بەشێوەيەكى هەڕەمەكى ونازانستانەيە. لەنووسينى هەر بابەتێك بەشێكى بەكرمانجى ناوەڕاست وبەشێكى بەكرمانجى سەروو، يان هەندێجار لە هێنانەوەى نمونەيەكدا بەهەردوو زارەكە نوسراوە، سەرئەنجام خوێندكار ئەو نمونەيە هەڵدەبژێرێت، كە بەزارەكەى خۆيەتى ئەويتريان فەرامۆش دەكات، زۆرجار مامۆستاكانيش ئەمە پێڕەودەكەن بابەتەكانى زارەكەى خۆيان دەڵێنەوەو نموونەكانى شيكار دەكەنو ئەوەى تريش تەرك دەكەن. بەمەش زياتر لێك دووركەوتنەوەكە دروست دەبێت، نەك نزيك كەوتنەوە. لەتێكەڵ كردنەكە ڕەچاوى ئەو جياوازيانە نەكراوە، كە هەردوو زارەكە لەڕووى دەنگسازى و وشەسازى و ڕستەسازى هەيانەو ناكرێت بەيەك شێوە باسيان بكرێتو يەك ڕوونكردنەوەشيان بۆ بكرێت.

بيردۆزە پەروەردەييەكان جەخت لەسەر ئەوە دەكەنەوە، كە دەبێت منداڵ بەئاسانترين شێوە فێربكرێت لەقۆناغە سەرەتاييەكانى فێربووندا، وەڵێ پرۆگرامەكانى كوردستان منداڵى كورد زۆر ماندوو دەكەنو لەزمانى دايكييان تێناگەن، تەناتەت زۆرێك لەمامۆستاكانيش تواناى تێگەيشتنيان نيەو بابەتەكان بەجێ دەهێڵن. بۆيە پێويستە پرۆگرامەكانى خوێندنگاكان بەشێوەيەك دابڕێژرێت، كە خزمەتى زمانى ستاندارد بكات، ئەمەش لە ڕێگەى نزيك كردنەوەى دياليٚكتو شێوازارەكانو ئاوێتەكردنيان لەگەڵ يەكتريدا دەبێت.

زمانى ستاندارد، ئەو زمانەيە، كە ((لە قوتابخانەكان فێردەكرێتو لەئامۆژگاكاندا جۆرەها بابەتى پێ دەوترێتەوە))[١٧] مەڵبەندەكانى فێركردن يەكەم دەروازەن، كە تێيدا فێرخواز بنەماكانى زمانى ستاندارد وەربگرێت، دواتر لەوێوە بەرەو ئاستەكانى ترى كۆمەڵگا دەگوازرێتەوە، كەواتە ((دەبێت زمانى ستاندارد لەڕێگەى خوێندنگاو دەزگاكانى هەرێمەوە دەست پێبكات))[١٨]. ئەمەش لە زۆربەى زمانەكانى جيهاندا پێڕەو دەكرێت، دەرچووى هەر قۆناغێكى خوێندن بە زمانێكى يەكگرتووى بالاٚ دەنووسن كە لە ڕێگەى فێربوونەوە وەريانگرتووە، نەك بەزمانێكى ناوچەيى كە لەڕيگەى دايكو باوكو دەورووبەرەوە وەريانگرتووە، بەلاٚم ئەمڕۆ لە كوردستاندا خەريكە زمانى

**ناوچەیی دەبێتە زمانی نووسین. هۆکاری ئەمەش بەشێکی زۆری دەگەڕێتەوە بۆ زمانی فێرکردن لە کوردستاندا.**

**بەڵگەو پاساوی نوسەران‌و وەرگێڕانی پرۆگرام بۆ ئەو جۆرە زمانە، ئەوەیە کە گوایە هەوڵیانداوە وشەی نێوان ئەم دوو زارە سەرەکیەی زمانی کوردی تێکەڵ بکەن، بۆئەوەی زمانێکی تەواو وکامڵ بەرهەم بێت و ببێتە زمانی ڕسمی لەوڵاتدا. ئەمە لەجیگای خۆیەتی، بەڵام ئایا تێکەڵ کردنەکە، لەسەر بنەمایێکی زانستییە یان نا؟ بە ڕای ئێمە کاتێك ورد لەزمانەکە دەڕوانین، دەبینین تیکەڵکردنەکە هیچ بنەمایێکی فەرهەنگی‌و زمانەوانی لەبەرچاونەگیراوە، ئەوەندەی لایەنی تری ڕامیاری‌و ناوچەگەری بەدی دەکرێت. ئەم جیاوازییە تەنیا لەئاستی فەرهەنگدا نییە، تەنانەت هەست دەکرێت دوو ڕێزمانی جیاواز لە نێو ئەم کتێبانەدا هەیە. وەڵ لەڕووی زانستی زمانەوە، ((زمان تابەرەو ئەوە بچێت یەك فۆڕمی ڕێزمانی هەبێت باشتر کاری پێدەکرێت))[19] بەڵام ئەم فۆڕمە نەگۆڕە ڕێزمانییە ڕەچاونەکراوە، زیاتر لەفۆڕمێکی ڕێزمانی دەبینرێت، ئەمەش زمان بەئاڕاستەیەکی خراپ دەبات. ئەگەر بەشێوەیەکی زانستی لە قۆناغی کۆدکردنی زمانی ستانداردا، وشەو زاراوە هەڵبژێرین لەنێو دیالێکت‌و شێوەزارەکاندا، لەسەربنەمای زمانەوانی شتێکی ئاساییەو خزمەت بەزمانەکە دەکات. ((بەکارهێنانی وشەو تەنانەت دەستەواژەی دیالێکتە جیاوازەکانی کوردی لەزمانی ئەدەبیدا نەهەڵەیەو نەتاوانە، ئەگەر بەشێوەیەکی گونجاو و لێزانانە بەکارببرێت))[20] ئەمە بۆ نووسین‌و دانانی پەرتووکی خوێندنیش بەهەمان شێوەیە.**

**ئەوەی باسمان کرد، بۆ بناغەی دروست بوونی زمانی ستاندارد گونجاوە، دواتر دەبێت وردەوردە پەرەی پێبدرێت‌و خزمەت بکرێت، لەلایەن دەزگای تایبەتەوە. هەروەها ((لەزمانی پرۆگرامەکاندا پێویستە ڕەچاوی یاسای ڕێزمانی نەگۆڕ وگونجاو بکرێت، یاسا زمانیەکان لە نێو زارەکاندا یەك بخرێت، بۆئەوەی فێرخواز بەوردی لێیان شارەزابێت‌و لە ڕێیانەوە بەکرۆکی زمانەکەی ئاشنابێت. لەزمانی ستانداردی کوردیدا، ناکرێت جێگەی هەموو شێوە جیاوازەکانی ڕێزمان بکرێتەوە وجێیان پێ بدرێ))[21]. بەڵکو دەبێت شێوە جیاوازەکانی ڕێزمان ڕێك بخرێن ودواتر بکرێن بە یەك یاسای گشتی‌و نەگۆڕو کەمترین ڕای جیاوازو بۆچوونی گوماناوی‌و لێڵیان تێدابێت.**

**بۆ نووسینی پرۆگرام، پێویستە نووسەر بەپێی بنەمایەکی زانستی وشە لەنێو دیالێکتەکان هەڵبژێرێت. کە مەرجە وشەکان واتایەکی ڕوونیان هەبێت ولای فێرخواز نامۆنەبن، ڕەچاوی زۆرترین ڕێژەی هاوبەشی بکرێت، لەنێو دیالێکت‌و گۆفەرەکاندا، واتە ئەو وشانە بەکاربێنن، کە هەموو کەس بەئاسانی لێیان تێدەگات. دوایی ئەوە دەبێت، وشەکان ڕێکبخرێن، بەپێی یاسایەکی ڕێزمانی نەگۆڕو یەکگرتوو بۆئەوەی دوو یاسا زمانیی نەیێنە ناو کتێبێك، بۆ هەمان بابەتی ڕێزمانیی، وەك ئەوەی لە هەندێ کتێبی ڕێزمانی قۆناغەکانی ناوەندی‌و ئامادەییدا دەبینرێت.[22]**

زمان دەبێت ئاستێکی بەرزی پێشکەوتنو ستانداردی هەبێت، ((بۆ ئەوەی بتوانێت ببێت بەزمانی وانەوتنەوە وئامرازێك بێت بۆ گوتنەوەی زمانی زگماگ لە فێرگەو دەزگاکانی تری خوێندن))[٢٣]زمانی کوردی نەگەیشتۆتە ئەم ڕادەیە، چونکە لەبواری خوێندندا تاوەکو ئێستا دوو زار بەکاردەهێنرێت و گەلێك جاریش لەبواری هەندێ زانستی تایبەتدا لەبەرنەبوونی زاراوە پەنا دەبرێتە بەر زمانی تر. بۆیەش بەزمانی تر وانە دەوترێتەوە، زمانی کوردی تەنیا وەك بابەتێکی لاوەکی دادەنرێت. بۆیەش زۆرجار دەرچووانی ئەو بوارانە زمانی ئینگلیزی یان عەرەبی بەباشی دەزانن بەڵام توانای وەرگێڕانیان نییە، بۆ زمانی کوردی چونکە زمانی کوردی تەنیا وەك زمانی قسەکردن دەزانن. ئەم گرفتەش هەر بۆ کەموکوڕی زمانی پرۆگرامەکانی خوێندنو بەرنامەو پلانی خوێندن دەگەڕێتەوە.

ئەمەش بۆ نەبوونی خەمخۆری بەتوانا ئەم بوارە دەگەڕێتەوە. زۆرێك لەزمانەوانانو شارەزایان، سەرەتایی دروست بوونی زمانی نەتەوەیی لەکتێبەکانی قوتابخانەوە دەست پێ دەکەن. دەبێت بڕیاربدرێت لەسەرتاسەری کوردستانی عێراقدا یەك چەشنە کتێب هەبێ نەك دوو، دەبێ دانەرو وەرگێڕ دەربەستی تێگەیشتنی قوتابی کوردستان ببن، تادەکرێت لەڕووی گراماتیكو فۆنەتیكو فەرهەنگەوە پێڕەوی ئەو وشانە بکات، کە ((لە هەموو دیالێکتەکان وەك یەکن یان لەیەك نزیکن، کامەیان ئاسانترە ئەوەیان بەکاربهێنێ، دواتر دەبێت لەکۆتایی هەموو وانەیەکی قوتابخانەدا فەرهەنگێك بۆ وشەکان بکرێت، کە ئەمەش کارێکی زۆر بەسوودە بۆ تێگەیشتنی قوتابی لەزمانی کتێبەکان))[٢٤]. ئەمە ڕاسپاردەی د.عزەددین مستەفا ڕەسول، بووە لەسالی ١٩٧٠ز. وەلێ نەك جێبەجێنەکراوە، بەڵکو بەئاڕاستەیەکی پێچەوانە کاری بۆ کراوە و دوو شێوەی کوردی لەنوسینی کتێبەکانی قوتابخانە پێڕەوکراوە. مەترسیەکە گەیشتۆتە ڕادەیێك کە لێك تێنەگەیشتن دروست بووە. ئەم شێوە نووسینەی ئێستا پێڕەو دەکرێت، مەترسی گەورەتری لێ چاوەڕوان دەکرێتو ((زمانی کوردی بەرەو دوو زمان دەبات، دیالێکتەکان لێك دوور دەخاتەوە، ڕێگە لە هاوئاهەنگی نەتەوەیی وکەلتوری دەگرێت، سەرەڕای ئەوەش، خەریکە کوردبکات بەدوو گەلی جیاوازی خاوەن دوو زمان ودوو کەلتوری جیاوازو لێك دابڕاو))[٢٥] ئەم سەرەتاییەی لە باشووری کوردستان دەستی پێکردووەو کاری بۆ دەکرێت، ئایندەی زمانی کوردیو خوێندەوارانی کورد دەخاتە مەترسییەوە. ئەگەر سیاسەتی پەروەردە وا بڕوات بێ هێزو لاواز دەبێت، کە هێشتا سەربەخۆی تەواوی بەدەست نەهێناوە، زمان کە ناسنامەی نەتەوەییەتی بەرەو پەرت بوونو لەناوچوون دەچێت.

دوای ئەو گۆڕانکاریانەی کە لەماوەی ئەم چەند ساڵەی دواییدا وەزارەتی پەروەردە لەسیستەمی خوێندندا کردویەتی، بەتایبەتی دوای کۆنگرەی پەروەردەیی ئەم چەند ساڵەی ڕابردوو، جیاوازی لەزمانی خوێندن زیاتر بووە، بەڕادەیەك زۆربەی مامۆستایان گرفتی سەرەکییان تێنەگیشتن بووە لەزمانەکە خوێندکارانیش داواکاری لابردنی ئەو بابەتانەبوون کە بەشێوە جیاوازەکان نووسراون.

چونكه نەیان دەتوانی سوود لەمەبەست وناوەڕۆكی بابەتەكە وەربگرن. ئەگەر وردتر بڕوانین ((دوو شێوەی جیاوازی قسە كردنی دیالێكتی یەك زمان یان شێوەكان ئەوەندە گۆڕان كەببنە زمانی جیاواز. ئەگەر ڕادەی جیاوازیەكە گەیشتە سنوری لەیەك تێ٢نەگەیشتن دەبن بەدوو زمانی جیاواز، بەلاَم ئەگەر لێك تێ گەیشتنی هاوبەشیان هەبوو وسیمایان جیاواز بوو ئەوا دوو دیالێكتی هەمان زمانن))[٣٦]. بەپێی ئەم تێگەیشتنەی سەرەوەبێت زمانی كوردی بەرەو ئەوە هەنگاو دەنێت، كە ببێت بە دوو زمان، چونكە ڕادەی لێك تێ نەگەیشتنی قسەپێكەرانی دیالێكتەكانی زمانی كوردی زۆر زیادی كردووە بەتایبەتی دوو زارە سەرەكیەكە. هەروەها بەكارهێنانی دوو ڕێنووس لەنێو زمانی ڕاگەیاندندا یارمەتیی دەرێكی تری ئەم لێك دووركەوتنەوەیە دەداتو ڕێگەی بۆ خۆش دەكات. خۆشبەختانە كە جارێ ئەم بەلاَیەش نەگەیشتۆتە نێو زمانی پەروەردەو پڕۆگرامەكانی خوێندن.

ئەم گرفتە لەنێو زمانی پڕۆگرامەكانی خوێندنی زانكۆكانیشدا هەستی پێ دەكرێت. چونكە ((دەبێت زمانەكە لە مەڵبەندە ڕۆشنبیرییەكانو زمانی خوێندن و تەنانەت زانكۆش بەكاربهێنرێت، وەك چۆن دیالێكتی ناوەڕاست ئەم ڕۆڵەی بینیوە لەسەرەتای بوونی زانكۆ لەكوردستاندا))[٣٧]. بەلاَم ئێستا خەریكە فێرخوازانی زانكۆش تووشی تێنەگەیشتنی زمانی كوردی دەبن. ئێستا لەئاستی خوێندنی بالاَشدا، لە نووسینی نامە ئەكادیمییەكانیشدا هەردوو دیالێكتی خوارووو ژووروو بەكاردەهێنرێن، دەشێ لە ئایندەیەكی نزیكدا، هەریەكەمان زمانی ناوچەیی خۆمان بەكاربهێنین. گرفتێكی تر، كە ڕووی لەزمانی كوردی كردووە ئەو لێكۆڵینەوە بەراوردكاریانەیە كە نێوان دیالێكتەكانی زمانی كوردی كراوە، كە گوایە بەمەبەستی خزمەت كردنی زمانەكە دەنوسرێن، بەلاَم زیانێكی زۆر لەزمانەكە دەدەن، زیاتر جیاوازییەكان دەخەنە ڕوو. بەمەش دیالێكتەكان لێك دوورتر دەخرێنەوە پلەی تێنە گەیشتنەكە زیاتردەبێت، چونكە جیاوازییەكان پیشان دەدرێن نەك هاوبەشییەكان.

## ئەنجام و ڕاسپاردەكان

لەكۆتایی ئەم لێكۆڵینەویەدا، چەند ئەنجام و ڕاسپاردەیەك دەخەینە ڕوو:-

**١- يەکێك لەو لایەنە گرنگانەی کە کار دەکاتە سەر هەڵبژاردنو دروست بوونی زمانی نەتەوەیی، زمانی خوێندنو پرۆگرامەکانی فێرکردنە، لە سیستەمی پەروەردەی هەر وڵاتێکدا، بۆیە پێویستە ئەو زمانە پەسەند بکرێت کە زمانی خوێندنە، چونکە بنەماکانی زمانی ستانداردی تێدایەو هاوبەشی زۆر هەیە لە سەرتاسەری وڵاتدا، بۆیە دەبێت داڕێژەرانی پرۆگرامی خوێندن زمانەکە لەبەرچاوبگرنو بیکەنە بناغەی نووسینەکانیان.**

**٢- تێکەڵکردنی دوو دیالێکت و دوو سیستەمی ڕێزمانی لەناو پرۆگرامەکانی خوێندندا، ئەنجامێکی زانستی نابێتو ڕێگردەبێت لەبەردەم فێربوونو ئاشنابوونی خوێندکاران لە زمانەکەی خۆیان. ئەمە تەنیا لە زمانی کوردیو پرۆگرامەکانی خوێندنی کوردیدا هەیە، بۆیەش زۆرجار گوێبیستی ئەو ڕستەیە دەبین لەلایەن خوێندکارانی کورد، کە دەڵێن (ڕێزمانی عەرەبی لە ڕێزمانی کوردی خۆشترە) بۆیە زۆر بەئەستەم فێری زمانو ئەدەبی کوردی دەبێت. بەدەگمەنیش تێدا سەرکەوتوو دەبن. بەراوردکردنی نمرەی ساڵانەی وانەکان ئەوەمان بۆ دەسەلمێنێ.**

**٣- گۆڕینی زمانی کتێبەکانی فێرکردن، لەزارێکەوە بۆ زارێکی تر، ئەرکی زۆر دەخاتە سەرشانی فێرکەران وهەروەها گۆڕینی زاری خوێندن دەبێتە هۆی لێك دابڕینی نەوەی کۆن ونوێو کەرت بوونی نەوەکانو بێ ئاگایی لەڕابردوویان، ئەمەش زۆرجار لە ناوکوردا بەئەنقەستو بە بەرنامە کراوە، بۆ ئەوەی کورد نەتوانێت لەڕێگەی هاوبەشی زمانیشەوە، کۆببنەوە.**

**٤- گەلێکی خاوەن فەرهەنگ و شارستانی وەکو گەلی کورد، بەدەستی خۆی ئاگر لەماڵەکەی خۆی بەردەدا و ئەوەی بەهەزاران ساڵ کۆی کردۆتەوەو بنیادی ناوە هەمووی لەناودەبات، چونکە بەکارهێنانی دوو شێوەی نووسین لەنێو پرۆگرامەکاندا، زمانی کوردی بەرەو هەڵدێران وشێواندن دەبات لەڕووی تێگەیشتن و ڕێنووس و ئێستێتیکی بەکارهێنانەوە. بۆیە پێوستە بەر لەمە بگیرێت، کە ئەمەش زیاتر دەکرێت، لەڕێگەی فوتابخانەو زانکۆکانەوە بێت.**

**٥-کاتێك چاو بە کتێبێکی خوێندنگادا، دەگێڕین وبەراوردی دەکەین لەگەڵ کتێبەکانی پێش ڕاپەڕین، لەڕووی زمانەوە شەرم داتدەگرێ، هەست بەنائومێدی دەکەی، وات بە بیردادێت کە زمانی ئەدەبی کوردی بەرەو هەڵوەشانەوە دەچێت، کە بەشێکی زۆری تاوانەکە بۆنووسەران و وەرگێڕەکانی بواری کتێبی خوێندن دەگەڕێتەوە. هەروەها نەبوونی بەرنامەڕێژی زمانی لەناو ئەم کتێبانەدا،**

هەرچەندە لەڕووی زانستییەوە دەوڵەمەندن، بەڵام زمانیان لاوازە، بۆیە زانستەکەش بەتەواوی ناگات، چونکە زمان هۆکاری سەرەکی گەیاندنی زانیارییە.

٦- پێویستە وەزارەتی پەروەردە و خوێندنی باڵا، لەچاکسازیەکانی خۆیاندا گرنگی زۆر بەزمانی پرۆگرامەکان بدەن و زمانەکە لەوبێسەروبەرەیی و نەبونی بنەمای زانستی ڕزگاربکەن، چونکە ئەمرۆ وای لێ هاتووە خوێندکاران و قوتابیان بگرە هەندێ جار مامۆستایانیش لەزمانەکە ناگەن. ئەمەش هۆیەکی سەرەکییە لە نزمی ئاستی زانستی لە کوردستاندا.

٧- ئەگەر بەشێوەیەکی جدیو بەپەلە ئەو بێ سەروبەرەییەی لە نێو زمانی پرۆگرامەکانی خوێندندا هەیە، چارەسەرنەکرێت، دیالێکتەکانی زمانی کوردی بەیەکجاری لێك دادەبڕن. کە پێویستی بەپێداچوونەوەیەکی زانستیانەی ورد هەیە، لە دانانی هەر پرۆگرامێکدا پێویستە پرسو ڕاوێژ بە شارەزایانی زمانو خەمخۆرانی بکرێت. دوور لە سۆزی ناوچەگەریو هەندێ لایەنی تر بڕیار لەسەر زمانی نووسینی هەر بابەتێکی خوێندن بدرێت.

٨- ئەگەر وەزارەتی پەروەردە لایەنەکانی دیکەی بەرپرس پێداچوونەوەیەك بەزمانی پرۆگرامەکاندا نەکەنو لەسەر ئەو سیاسەتەی خۆیان بەردەوام بن، ئەوا کۆشکی زمانی کوردی کەچەند سەدەیەکە بە ڕەنج وماندوبوونی شاعیران ونووسەران بنیادنراوە تێك دەچێت، زمانی کوردی لەسەرتاسەری کوردستاندا دەکاتە خەون.


<u>سەرچاوەکان:</u>

<u>بەزمانی کوردی:</u>

١- بەکر عومەر عەلیو م. شێرکۆ حەمەئەمین، زارو شێوەزار، چاپی دووەم، سلێمانی ٢٠٠٧.

٢- سەلام ناوخۆشو نەریمان خۆشناو، زمانەوانی، بەرگی هەشتەم، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر، ٢٠١١.

٣- دیوانی نالی، لێکۆڵینەوەو لێکدانەوەی مەلا عبدالکریمی مدرسو فاتح عبدالکریم، انتشاراتی کوردستان سنە، ١٣٨٠ی هەتاوی.

٤- ئەحمەدی خانی، مەموزین، ئامادەکردنو پەراوێزنوسینی هەژار، ستۆکهۆڵم سوید، ١٩٨٩.

٥- محەمەد مەعروف فەتاح، زمانی نەتەوایەتی چەند سەرنجێك، گۆڤاری مەتین ژ:٥٣، ١٩٩٦.

٦- غازی عەلی، پرۆژەی ستاندارد کردنی زمانی کوردی، گۆڤاری ئەکادیمی کۆڕی زانیاری کورد، ژ:٤، ٢٠٠٦.

٧- دوکتۆر مارف خەزنەدار، مێژووی ئەدەبی کوردی، بەرگی دووەم، چاپی یەکەم، دەزگای ئاراس، هەولێر، ٢٠٠٢.

٨- حمەكەریم عارف، ئەدەبی منداڵانی كورد، لێكۆڵینەوو.....مێژووی سەرهەڵدان، بەرگی یەكەم، لەچاپكراوەكانی كۆڕی زانیاری كوردستان، هەولێر، ٢٠٠٥.
٩- حوسێن محەمەدعەزیز، سەلیقەی زمانەوانی و گرفتەكانی زمانی كوردی، چاپی دووەم، سلێمانی ٢٠٠٥.
١٠- ڕەفیق سابیر، زمانی ئەدەبیی یەكگرتووی كوردی و ئەلفو بێی كوردی، گۆڤاری كوردۆلۆژی، ژ:١، ٢٠٠٨.
١١- عبدالواحید ئەلوافی، زانستی زمان، و.ابراهیم عزیز ابراهیم، هەولێر ٢٠٠٧.
١٢- فەرهاد شاكەلی، زمانی گەردەلولو خەونی شنەبا، چاپی یەكەم، ٢٠٠٨.
١٣- عزەدین مستەفارەسوڵ، سەرنجێ لەزمانی ئەدەبی یەكگرتوی كوردی، بەغداد، ١٩٧١.
١٤- كۆمەڵێك نوسەر، زمان، و: كامیل محەمەد قەرەداغی، چاپی یەكەم، ٢٠٠٧.
١٥- ڕەفیق شوانی، هۆی پەیدابوونی زارو سەرهەڵدانی زمانی نەتەوەیی، گۆڤارا زانكۆیا دهۆك، هەژمارە:٦، ١٩٩٩.

بەزمانی فارسی:

١٦- زبان، اندیشەو فرهنگ (مجموعە مقالات) ترجمەو تالیف: یدالله موقن، انتشارات هرمس، تهران، ١٣٧٨.
١٧- سرەگرایی زبانی، تالیف، ترجمەو پژوهش نگار داوری اردكانی، چاپ اول انتشارات هرمس، تهران، ١٣٨٧.

پەراوێزەكان:

١. زبان، اندیشەو فرهنگ (مجموعە مقالات) ترجمەو تالیف: یدالله موقن، انتشارات هرمس، تهران، ١٣٧٨، ص٢.
٢. زمانەوانی، سەلام ناوخۆشو نەریمان خۆشناو، بەرگی هەشتەم، چاپی یەكەم، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر، ٢٠١١، ل٦٠.
٣. دیوانی نالی، لێكۆڵینەوەو لێكدانەوەی مەلا عبدالكریمی مدرسو فاتح عبدالكریم، انتشاراتی كوردستان سنە، ١٣٨٠ی هەتاوی، ل٢٢١
٤. مەموزین، ئەحمەدی خانی، ئامادەكردنو پەراوێزنوسینی هەژار، ستۆكهۆڵم سوید، ١٩٨٩، ل٢٠.

٥. سرەگرايى زبانى، تاليف، ترجمەو پژوهش نگار داورى اردكانى، چاپ اول انتشارات هرمس، تهران، ١٣٨٧، ص٣٣.
٦. محەمەد مەعروف فەتاح، زمانى نەتەوايەتى چەند سەرنجێك، گۆڤارى مەتين ژ:٥٣، ١٩٩٦، ل٢٢
٧. پ.ى.د.بەكر عومەر عەلىو م.شێركۆ حەمەئەمين، زارو شێوەزار، چاپى دووەم، سلێمانى ٢٠٠٧، ل١٥.
٨. محەمەد مەعروف فەتاح، هەمان سەرچاوە، ل٢٩.
٩. غازى عەلى، پرۆژەى ستاندارد كردنى زمانى كوردى، گۆڤارى ئەكاديمى كۆڕى زانيارى كورد، ژ:٤، ٢٠٠٦، ل ٢٣٦
١٠. غازى عەلى، هەمان سەرچاوە، ل٢٣٥.
١١. مێژووى ئەدەبى كوردى، دوكتۆر مارف خەزنەدار، بەرگى دووەم، چاپى يەكەم، دەزگاى ئاراس، هەولێر، ٢٠٠٢، ل٣٧٣.
١٢. ئەدەبى منداڵانى كورد، لێكۆلينەوو.....مێژووى سەرهەڵدان، نووسينى حمەكەريم عارف، بەرگى يەكەم، لەچاپكراوەكانى كۆڕى زانيارى كوردستان، هەولێر، ٢٠٠٥، ل١٦١.
١٣. حوسێن محەمەدعەزيز، سەليقەى زمانەوانى و گرفتەكانى زمانى كوردى، چاپى دووەم، سلێمانى ٢٠٠٥، ل٢٧٣.
١٤. د.ڕەفيق سابير، زمانى ئەدەبيى يەكگرتووى كوردى و ئەلفو بێى كوردى، گۆڤارى كوردۆلۆژى، ژ: ١، ٢٠٠٨، ل٥٢.
١٥. حوسێن محەمەد عەزيز، هەمان سەرچاوە، ل ٢٩٠.
١٦. لەبەر درێژى بابەتەكە بەپێويستمانەزانى نموونەكان يەك بەيەك پيشان بدەين، بۆ ئەم مەبەستە بڕوانە كتێبەكانى قۆناغى سێى بنەڕەتى بەنموونە، كە ئەم دياردەييەيان زۆر بەڕوونى تێدا دەبينرێت، يان زمانو ئەدەبى كوردى قۆناغى يازەدى ئامادەيى.

١٧. د.عبدالواحيد ئەلوافی، زانستی زمان، و.ابراهیم عزیز ابراهیم، هەولێر ٢٠٠٧، لا٢٠٥.

١٨. غازی عەلی، هەمان سەرچاوە، لا٢٤٥.

١٩. فەرهاد شاکەلی، زمانی گەردەلولو خەونی شنەبا، چاپی یەکەم، ٢٠٠٨، لا١٩٣.

٢٠. فەرهاد شاکەلی، هەمان سەرچاوە، لا١٩٥.

٢١. هەمان سەرچاوە، لا١٩٤.

٢٢. بۆ ئەم مەبەستە بڕوانە بابەتی (کاری بکەردیارو کاری بکەرنادیار) لە کتێبی زمانو ئەدەبی کوردی پۆلی نۆیەمی بنەڕەتی، هەروەها بابەتی (جێناوی خۆیی)و (جێناوی هەیی) لە کتێبی زمانو ئەدەبی کوردی پۆلی یازدەی ئامادەیی.

٢٣. غازی عەلی، هەمان سەرچاوە، لا٢٣٤.

٢٤. عزەدین مستەفارەسوڵ، سەرنجێ لە زمانی ئەدەبی یەکگرتوی کوردی، بەغداد، ١٩٧١، لا٦٤.

٢٥. د.ڕەفیق سابیر، هەمان سەرچاوە، لا٧٤.

٢٦. کۆمەڵێك نوسەر، زمان، و: کامیل محەمەد قەرەداغی، چاپی یەکەم، ٢٠٠٧، لا٢٣.

٢٧. د. ڕەفیق شوانی، هۆی پەیدابوونی زارو سەرهەڵدانی زمانی نەتەوەیی، گۆڤارا زانکۆیا دهۆك، هەژمارە:٦، ١٩٩٩ لا٨٠٣.


ملخص البحث

هذه الدراسة محاولة للتحدث عن لغة التربية وتحليلها عن بعد واحد، الا وهي لغة برنامج التدريس بمنهج وصفي تحليلى، ويتكون البحث عن محورين اساسيين: ففى الاولى نتحدث عن التربية وتاريخها عند الكرد واصولها، ففي المحور الثاني: نتحدث عن تاثير لغة المناهج الدراسية على توحيد اللغة وفصاحتها، حيث بشكل دقيق نحلل ابعاد واتجاهات لغة المناهج الدراسية في كردستان، وفي نهاية البحث نوصي ببعض الاقتراحات والنتائج......

**Abstract**

**This research is an attempt to discuss about Educational language and analysis of only one of its aspects which is the language of educational curricula. It consist of two categories, one refers to educational language and its history in Kurdish society and explanation of its principles. The second one is about the impacts of educational language system on the standardization of the language. The directions of curricula language in education of Kurdistan has been analyzed. Finally Some recommendations and conclusions has been presented.**